# ڕێبازی ئایدیالیستی و پەرەسەندن و دیالێکتیک

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی ئاداب)
( ١- ٢ )

هەڵبژاردنی ئەو ناوونیشانە کە ئاماژە بە سێ ئاراستەی لە یەکتری جیاواز دەکات، ئەوە نیشان دەدات کە لە پرۆسەی توێژینەوەدا ئیتر فەلسەفە بێ، یان لقەکانی دیکەی کولتوور و شارستانیەت، پەنا براوەتە بەر میتۆدەی تایبەتی کە خەسڵەتی سروشتیان لە یەکتری جیا بێ، بۆ ئەوەی کارەکتەری بابەتەکە بپارێزرێ و دووپات بکرێتەوە، ئەوجا ئەو جیاوازییەش وەک خەسڵەتێکی سروشتی هەمیشە ڕەهەندێکی مێژوویی بەرجەستە کردووە کە پابەندی کات و جێگە بووە، بەپێی گۆڕانی ئەو ڕەوشە، ئەویش پڕپیشکی گۆڕانی بەرکەوتووە. لەلایەکی ترەوە دۆخەکە سروشتێکی قۆناغ بە قۆناغیشی هەبووە، بەو واتایە کە لەو سەردەمەی تێیدا چەکەرەی کردووە و شین بووە، ئایدیۆلۆجی دەستبەکار و کۆنترۆڵکاری کۆمەڵگەی بەرجەستە کردووە.

- گەورەترین نموونە کە لێرەدا بەبیردا دێ، قۆناغی دوورودرێژی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپایە (کە نزیکەی هەزار ساڵ تەمەنی بووە)، ئایین لە ژیان و کۆمەڵگەدا، بگرە لە هەموو ڕەهەندێکی پێوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکاندا کەوا سووری بەر لە شکر بووە. هەندێک لە سەرچاوە مێژووییەکان باسیان لەوە کردووە کە ئیمپراتۆر و قەڕاڵەکانی ئەوسای ئەوروپاش لە قسەی پاپ و کڵێسە دەرنەچوون. بەپێی جیهاندید

و بۆچوونـی کڵێسـه و سـوود، قازانجیـان ڕەنگـی سنووری چوارچێوەی کردار و بیرکردنـەوە و ژیانی مرۆڤیـان ڕشـتووە، ئیتـر ئاییـن بـە پێـی بۆچـوون و لێکدانـەوەی ڕابەرەکانی پاوانی هـەردوو پرۆسـەی (گۆڕاو و نەگۆڕاو) دەستنیشـان کراوە. چـی دەکرێ قسـەی گـۆڕان و پێشـکەوتنی لەسـەر بکرێ و چـی تابـۆ و هێڵـی سـوورە، ناکرێ بیـری لـێ بکرێتـەوە!

بنەماکانـی شـەریعەت ئەرکـی پیادەکردنـی ئـەو هاوکێشـە دوو بەهایییە- دوو ڕەنگییەیان گرتووەتە ئەسـتۆ! لێرەوە بـۆ سـنووردارکردنی کـرداری ژیانـی ڕۆژانـەی مـرۆڤ هـەردوو چەمکـی:

- ڕێگەدراو (حەڵاڵ).
- ڕێگە نەدراو (حەرام).

بەرانبـەر بـە چاکـەکاری و بـەدکاری داهێنـراون، ئەوجـا بـە شـێوازێکی سـەرنجڕاکێش، کـە سروشـتی پاسـاودانی هەبـێ، نـەک چارەسـەر، بابەتـی بوونـی بەدکاریـی (شـەڕ) لـە ژیـان و دەوروبـەر و لۆجیـک پشتڕاسـتی ناکاتـەوە، چارەسـەر خراوەتـە بـەر چـاو! هەمـوو کۆششـێکی کڵێسـە بـۆ ئـەوە بـووە ژیانـی سـەر زەوی (دنیـا) لەبەرچـاوی خەڵـک ژیانێکـی ئایینـدەی دوای مـردن کـە نـە دیـارە و نـە بوونەکـەی پاسـاو دەدرێتـەوە، ئەوجا لەجیاتـی نزیککردنەوەی ئایین و ڕێنمایی و ڕێوڕەسـمەکانی لە خەڵکـی سـادە، ئایینەکـە سروشـتێکی ترانسـندێنتی سەرووسروشـتی پەتیکراوی پـێ بەخشـراوە کـە بـە هیـچ بنەمایەکـی لۆجیـک پشتڕاسـت نەکرێتـەوە و بـە هیـچ ژیرێـک – موعجیـرە ئاسـا – پاسـاو نـەدرێ و لێـک نەدرێتـەوە! بۆیـە ڕاسـت گوتـراوە (ئاییـن بـە نامۆیـی هاتـووە و بـە نامۆیـی لـە دواڕۆژ دێتـەوە، خۆزگـەم بـە خەڵکـی بیانـی و نامـۆ).

- کڵێسـە بـۆ پاسـاودان و پشتڕاسـتکردنەوەی ڕێوشـوێن و بنەمـا لاهووتییەکانی پەنـای بـۆ فەلسـەفە بـە گشـتی و بـۆ بابەتـی ئـاکار بـە تایبەتـی بـردووە، بـەڵام ئـەوەی لـەو بەکارهێنانـەی ئەو لقەی فەلسـەفەدا کـە ئـاکارە بـۆ مەبەسـتی ئایینـی مەسـیحی سـەرنج ڕادەکێشـی ئەوەیـە بـە هیـچ جۆرێـک مـەودا و دەرفەتی بـۆ ئـازادی، بـە تایبەتـی تاکەکەسـی نەهێشـتووەتەوە، چونکـە ئـەوەی کردوویەتـی و (مـرۆڤ) دەیـکات لـە چـارەی نووسـراوە! سـەیرتریش ئەوەیـە کـە لـە دنیـای دیـدا لێـی دەپێچرێتـەوە و ڕووبـەڕووی سـزا و پاداشـت دەکرێتـەوە!

- بـەڵام ئەو سـتەمە، ئەو دەسـەڵاتە سـەرتاپاگیرەی کڵێسـە، هیـچ کاتێـک نەیتوانیـوە سروشـتی مێژوویـی ئایینەکـە کاڵ بکاتـەوە کـە دیاردەیەکـی کۆمەڵایەتییـە و بویسـترێ و نەویسـترێ، گۆڕانەکـەی بەربەسـت ناکرێ. ئەوەتـا لـە سەرانسـەری ئەورووپـا و ئەمریـکا بـە بەشـە لاتینییەکـەوە پاشەکشـەی کـردووە و گەڕاوەتـەوە جێگـەی شـیاوی خـۆی، لـە چوارچێوەی کڵێسـە و دامەزراو و دامودەزگاکانیدا چالاک و دەسـت بەکاربـێ و دەسـتبەرداری سیاسـەت و بەڕێوەبردنـی کاروبـاری کۆمەڵـگە و دەوڵـەت ببـێ!

## ئایدیالیزم

ئایدیالیـزم لـە بەرانبـەر مەتریالیزمـدا ڕێبازێکـی سـەرەکی فەلسـەفەیە، مێژوویەکـی درێـژ خایەنـی هەیـە، بـەڵام (وەک میتـۆدە) لـەلای فەیلەسـوفی ئایدیالیسـتی ڕەهـای ئەڵمـان گیـۆرگ ڤیلهێلـم فردریـش هیـگڵ (١٧٧٠- ١٨٣١ز) گەیشـتووەتە لووتکەی پەرەسـەندنی و دوا ناوەڕۆک و ڕوخسـاری پـێ بەخشـیوە.

چەمکەکـە لـە وشـەی ئایدیا- ئیدێ کەوتووەتەوە، کـە واتـای نموونـە دەگەیەنـی، هەمـوو شـتێک دەبـێ نموونەیـی بێـت. لـە ناوەڕۆکیـدا بـە پێـی گۆڕانـی قۆناغەکانـی مێـژوو، ئەویـش گۆڕانـی بەسـەردا هاتـووە. لـە چوارچێوەی ئـەو ئاراسـتە سـەرەکییەی فەلسـەفەدا دوو ڕێبـازی بـەدی دەکرێ (بـە تایبەتـی

بە چاوپۆشین لە وردەکاری) و لە چوارچێوە گشتییەکەیدا:

**یەک: ئایدیالیزمی خودی:** کە پتر لەلای فەیلەسووفی ئایدیالیستی ئینگلیز کە خۆی قەشەیەکی مەسیحی بووە، جۆرج بێرکلی (١٦٨٥ - ١٧٥٣ز) دوا ڕوخساری پێ بەخشراوە، بێرکلی بەو دەستەواژەیەی ناسراوە کە گوتوویەتی:

(بوونی شت پەی پێ بردنیەتی.)، بەو قسەیەی پشتی کردووەتە بوونی ڕاستەقینەی مادده. بیر، گیان، ژیر بنەما و بنەڕەتن و ئەوانیدی دیاردە و ڕووکەشن.

(جۆرج بێرکلی: ٢٠٠٤، ل٢٦، بە ئەڵمانی).

- لایەنی ئایدیالیستی بێرکلی بە تەواوەتی لە تیۆری زانینەکەیدا دەردەکەوێ کاتێک پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە لە پرۆسەی زانیندا ئەوەی مرۆڤ دەیزانێ و پەی پێ دەبات، شتوشمەکی دەوروبەر نییە، بەڵکوو خەسڵەتە پەی پێ براوەکانە، ئەمانەش سەر بە شت و شمەکەکان نین، بەڵکوو سەر بەو کەسەن کە پەی پێ بردوون! بۆیە بە لاتینی گوتوویەتی: (ئیسێ پیر کیپێکێ). بەو پێیە بوونی ڕاستەقینەی مادده (شمەک) وەک گەوهەرێکی سەربەخۆ دەخرێنە نێو دوو کەوانەی گومانەوە، ئیتر گومانەکە با میتۆدەش بێت. ئەو شتانەی کە بە هەست دەزانرێن لە نێویاندا مادده، شتی هەستەکین و لە کۆی خەسڵەت و چۆنیەتە هەستەکییەکان بەولاوە نین.

ئەوەی لێرەدا دەگوترێ و لە زۆربەی سەرچاوەکانی مێژووی فەلسەفەی مۆدێرندا ئاماژەی پێ دراوە ئەوەیە:

بوونی شت و زانینی ئەو شتە و پەی پێ بردنی، دوو پرۆسە و دوو بابەتی لە یەکتری جیاوازن.

ئەگەر بەلای ئەو فەیلەسووفەوە داتا و هاوردەکانی هەستەکان خەسڵەتی ژیرییان هەبێ، ئەوکاتە ئەنجامەکە ئەوەیە کە مرۆڤ هەر بۆچوونەکانی خۆی پەی پێ دەبات و ئەو کێشەیە دەکەوێتەوە ئایا ئەو شمەکانە بوونی ماددییان هەیە، یان هەر لە ژیر و مێشکدان، بەڵام ناکرێ هەردوو خەسڵەتیان هەبێ. لێرەوە دەکرێ ئەو گریمانەیە دووپات بکرێتەوە کە جیاوازی لەنێوان بوونی مادده و پەی پێ بردندا نامێنێ، ئەمەش مەبەستی بێرکلی بووە کە پێی لەسەر ئەوەدا گرتووە کە مرۆڤ شت نا، بەڵکوو خەسڵەتەکانی (دەنگ و ڕەنگ و بۆن...) دەزانێ و پەیان پێ دەبات، ئەوانەش کە دەیانزانێ و پەیان پێ دەبات لە بیرۆکە بەولاوە شتێکی دیکە نین، ئیتر ناکرێ بیرۆکە لە دەرەوەی مێشکدا بوونی هەبێ.

(بیرتراند ڕسل: ٢٠٠٠ ل٦٦٠، بە ئەڵمانی).

ئەو جیهاندیدە لەو بنەمایەوە هەنگاوی هەڵگرتووە کە مێشک ڕاستەوخۆ شمەک نازانێ و پەیان پێ نابات، ئەگەر چەند چەمک و وێنە و بۆچوونێک لە مێشکیدا نەبێ، ئیتر لەو هەڵوێستەوە: ئەو بابەتانەی بیر- مێشک دەیانزانی، وێنەی شمەکە، نەک شمەک خۆی، لەمەش وەک دەرکەوتەیەکی لۆجیکی ئەنجامی نکوڵیکردن لە بوونی (مادده) شمەکی لێ دەکەوێتەوە. زانراو وێنە و بیرۆکەیە و ئەوی نازانرێ بوونی نابێ. لەش و بوونەوەر و شمەک، ئیتر لە بیرۆکە و بۆچوونەکانی مێشک (ژیر- گیان) بەولاوە نین.

- بەو پێیە لە ئایدیالیزمی خودی (بێرکلی)دا، بوون پەیوەستە بە زانین و پەی پێ بردنی لەلایەن کەسێکەوە کە دەیزانی، ئیتر بەو پێیە مرۆڤ هەر باوەڕی بە بوونی بیرۆکە و بۆچوون و وێنە هەیە کە لە شمەکەکانی دەوروبەرەوە کەوتوونەتەوە. ئەو ئەنجامەش کە لەو جیهاندیدە دەکەوێتەوە ئەوەیە:

شمەکی ماددی، بوونی بێ ژیر، تەنیا گوتەیەکی بێ واتایە، ئەمەیە گەوهەری ماددەیی.

**دوو: ئایدیالیزمی بابەتی:**

ئەگەرچی ڕێبازی ئایدیالیزم لە فەلسەفەدا کۆنە و لەسەردەمی یۆنانەوە (پێش زایین) لە ئارادا بووە، بەڵام لە چوارچێوە گشتییەکەدا دەکرێ بەوە دەستنیشان بکرێ کە جیهاندیدێکی سەرتاپاگیر دەربارەی بوون، سروشت و گەردوون بەهۆی بیر و ژیرەوە ڕەنگ دەڕێژێ و پێ لەسەر ئەوە دا دەگرێ کە هەڵکەوتی دەوروبەر بەرهەمێکی هزر و ژیری مرۆڤە، چونکە بەبێ بیر و ژیر و چالاکی پەی پێ بردنەکانیان ناکرێ قسە لە بوونی هەڵکەوتی لە ئارادابووی دەرەوەی ژیر بکرێ.

- فەیلەسووفی ئایدیالیستی ئەڵمانیا فردریش شیلینگ (١٧٧٥- ١٨٥٤ز) بەڕابەری ڕێبازی ئایدیالیستی بابەتی (ئۆبجێکتیڤ) دادەنرێ. خۆی لەنێوان ئایدیالیزمی خۆیی فیختە و ئایدیالیزمی ڕەهای (هێگڵ)دا پۆلێن دەکرێ.

بەوە لە بێرکلی و فیختە جیا دەکرێتەوە کە لەو باوەڕەدا بووە، بگرە پێشی لەسەردا گرتووە کە بیرکردنەوە (ژیر) بوون و بوونەوەر داناهێنێ و دروستی ناکات، بەڵکوو وێنەی بوونەوەر دەکێشی و وێنای دەکات، بەو پێیە باوەڕی بە بوونی سەربەخۆی جیهانی ماددی دەوروبەر هەبووە و جیهان لەلایەن هزر (ژیر- هۆشیارییەوە) داهێنراوە.

بەڵام ژیر (هۆشیاریی) بنەمای زانینی ڕاست و ڕاستەقینەیە و هەر ئەویش بە دروستی بوونی سروشت و ماددە و جیهانی دەوروبەر کە ئەو وشەی (نامن)ی لە فیختە خواستووەتەوە و بەکاری هێناوە، لێک دەداتەوە و شرۆڤەی دەکات، ئیتر بوون و نابوونی شمەک (نامن) گرنگ نییە، ئەوی گرنگە پەی پێ بردنیەتی.

- ئەوی لە مێشکدایە لە وێنە و وێناکردن و بیرۆکە و داتای هاوردەی هەستەکان بەولاوە نییە.

ئەگەرچی بیر- ژیر پلەوپایەی سەرەکی هەیە لە زانیندا، بەڵام مرۆڤ ناتوانێ بزانێ جیهانی دەرەکی چییە و چۆنە، ئەوەی پەی دەبات و دەیزانێ، تەنیا دیاردەکانی جیهانی دەوروبەرن کە بۆی بە دەردەکەون و پەیان پێ دەبات.

- بەڵام لاری لەوە نییە ئەوەی دەربارەی جیهان دەزانرێ بەرهەمی ژیر- بیری بێگەردە، بۆیە بە هیچ جۆرێک ناکرێ بوونی جیهانی بابەتییانە لە پەی پێ بردن و تێگەیشتن هەڵاوێردرێ و جیا بکرێتەوە، چونکە ئەو بوونە تەنیا بەو جۆرە پشتڕاست دەکرێتەوە کە لە مێشکدا وێنا کراوە و پێوەندی توندوتۆڵی بە پرۆسەی بیرکردنەوەوە هەیە، کەواتە شیلنگ گوتەنی ئەوەندەی (من هەبم، نا منیش بوونی هەیە). (رجب بودبوس: ١٩٧٧، ل٥٢)

ئەو سەرنجدان و وردبوونەوە ژیرییەی دەوروبەر و سروشت کە شیلنگ پێی لەسەر داگرتووە، دوو ئەنجامی لێ دەکەوێتەوە:

**یەک:** سروشت و دەوروبەر بۆ (من) بۆ خود نامۆ و نەزانراو و بیانی نییە.

**دوو:** سروشت و بیر (ژیر- گیان) دوو ڕووی یەک هەڵکەوتی ڕاستەقینەن. هیچ کامیان بەرانبەر ئەوی تر نامۆ نین، بەڵکوو توندوتۆڵ بە یەکەوە بەندن.

## پەرەسەندن

کە وشە و چەمکی پەرەسەندن بەرگوێ دەکەون، یەکسەر توێژەری فەڕەنسایی لامارک (١٧٤٨- ١٨٢٩ز) و چارلس داروینی ئینگلیزی

(١٨٠٩- ١٨٨٢ز) بەبیردا دێن. ڕاستە هەردووکیان باسی پەرەسەندنی ئۆرگانیکیان کردووە، بەڵام لە بنەما و دەستپێک و بۆچووندا لە یەکتری جیاوازن، ئەگەرچی هەرووکیان پەنایان بۆ میتۆدە و میکانیزمی شیکاری و بەراورد کردن و وردبوونەوە و ئەنجامگیری بردووە.

- میتۆدەی شیکاری لەو کایەیەدا کە داروین تێیدا دەستبەکار بووە گومان لە بوونی گریمانەی بوونەکە ناکات، بەڵام هەوڵ دەدات چۆن پاساو لێکی بداتەوە ئەو بوونە چۆنە، ئەمەش بە پێچەوانەی میتۆدەی لێکدانەوەیەکە دەپرسێ ئایا ئەو بوونە، ئەو گریمانەیە شیاوەکییە و دەگونجێ بوونی هەیە بەبێ ئەوەی هەبوونی بوونەکەی گریمانە بکات. لە یەکەمدا بوونەکە ناخاتە ژێر تیشکی پرسیار و گومانەوە، بەڵکوو بوونەکە دەسەلمێنی و بەرەو لێکدانەوە شیاوەکییەکەی هەنگاو بەرەو پێشەوە هەڵدەگرێ، ئیتر بەو پێیە:

**شیکاری:** بوونەکە هەیە و گومان هەڵناگرێ، بەڵام چۆن ئەو بوونە پاساو بدرێتەوە و لێک بدرێتەوە لە بارەیەوە دەپرسێ.

**لێکدان:** گریمانەی بوونەکە ناکرێ، بەڵکوو هەر لە سەرەتاوە دەپرسێ ئایا دەکرێ ئەو جۆرە بوونە شیاوەکی بێ.

- لامارک باوەڕی وانەبووە کە مادده- کەرەستەی لە ئارادابوو هەوێن- پەرەی سەندبێ و بووبێ بە خانەی زیندوو، لەویشەوە بوونەوەر- زیندەوەر پەیدا بووبن، بەڵکوو باسی جەنگی مان و نەمان و هەڵبژاردنی سروشتی کردووە. گۆڕان لە ژیاندا سەرمەشقە، ئەمەش بەهۆ و بە سایەی دابونەریتەوە جێگیر دەبێ، ئەو هێزە مایەی ئەوەیە ڕوخسار و وێنە و فۆڕم و پێکهاتە بە بوونەوەر ببەخشرێ. ژینگە (خاک، ئاووهەوا، خۆراک) دینامۆ و بزوێنەر و هۆکاری ئەو گۆڕانەن و بەهۆیەوە پێویستییەکانی ژیان سەرئاو دەکەون. ئەو پێویستیانە هەوڵی بەدیهێنان و تێرکردنیان دەدرێ. ئەو کۆششە گۆڕانی ڕوخساری پێکهاتەی لەشی بوونەوەریان لێک دەکەوێتەوە، هەندێک ئەندامی لەش لەناودەچن، هەندێکی تریان لاواز، یان بەهێز دەبن.

(برهییە: ١٩٨٧، ل٢٠)

بەڵام لامارک جیاوازی نێوان بەدوایەکتریدا هاتنی سروشتی و لە یەکتری کەوتنەوە و پەیدابوونی بە تەواوەتی ڕوون نەکردووەتەوە. وەڵامی ئەو پرسیارەشی نەداوەتەوە ئایا مرۆڤ و زیندەوەر (حەیوان) یەک بنج و بنەما و سەرچاوەیان هەیە؟ یان نا، ئایا شەڕی مان و نەمان لە ئارادا بووە، یان نا؟

- داروین داهێنەری ڕاستەقینەی تیۆری پەرەسەندنە کە دەکرێ بە بەشێکی گرنگی تیۆری فەلسەفەی سروشتی دابنرێ.

لە جیهاندیدەکەیدا کە ئەنجامی گەشتێکی پێنج ساڵە و وردبوونەوە و ڕامان و میتۆدەکەی شیکردنەوە و بەراوردکاری، ئەزموون و ئیستیقرا و بەڵگەڕۆنان بووە. شاکارێکی ساڵی (١٨٥٩ز) بەناوونیشانی بنەما و بنەڕەتی جۆرەکانی (لە چاپی ئەڵمانیدا نووسراوە: پەیدابوونی جۆرەکان)

- لە سەرەتای ئەو شاکارەدا گوتوویەتی:

((لە سەرەتادا دەمەوێ بە کورتی باسی چۆنێتی گەشەکردنی بیرۆکەی پەیدابوونی جۆرەکان بکەم. تا ئەم دواییانە زۆربەی هەرە زۆری توێژەرانی سروشت (فیزیک) لەو باوەڕەدابوون کە جۆرەکان گۆڕانیان بەسەردا نایەت و ناگۆڕێن، هەر تاکێکیش لە خۆیدا — بۆ خۆی داهێنراوە.

لامارک یەکەم کەسە دەربڕینەکانی دەربارەی پەیدابوونی جۆرەکان بە گەرموگوڕیی سەرنجی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە..)). (داروین: ١٩٧٦،

ل١١ و ١٢ بـه زمانـی ئەڵمانـی)
- بەپێـی سـەرچاوەکان داروینـ بـە تەواوەتـی ئـاگاداری بیروبۆچوونەکانی زانای ئابووری ئینگلیز مالتـۆس (١٧٦٦ - ١٨٣٤ز) بـووە و پەسـندی کـردوون، بـە تایبەتـی: ژمـارەی دانیشـتووان، ئەگـەر بەربەسـت لەبەردەمیـدا نەبـێ، بـە ڕێـژەی ئەندازەیـی زیـاد دەکات، بـەڵام پێداویسـتییەکانی ژیـان بـەو ڕێژەیـە بەرهـەم ناهێنرێـن، کەچـی دیاردەکانـی قانوونـی سروشـتی (گەندەیـی و بەدکاریـی و برسـێتی و کـۆچ و کۆچبـار و جەنـگ) دەبنـە مایـەی کەمبوونـەوەی ژمـارەی دانیشـتووان. بـەو پێیـە زیادبوونـی ژمـارەی دانیشـتووان لەگـەڵ بەرهەمـی پێداویسـتی ژیانـی خەڵـک نایەتـەوە و ئـەم زۆر و ئـەو کـەم، بۆیـە دەبـێ سـنوورێک بـۆ منـداڵ بـوون دابنـرێ، کەوابـوو ژیـان شـەڕی مـان و نەمانـە. (یوسـف کـرم: ١٩٨٦، ل٣٥٢) ئـەوی توانایـی خۆگونجاندنـی هەبـێ، دەیباتـەوە. جیاوازی بوونـەوەران لەوەدایـە، گـۆڕان لـە هەندێکیـان لەسـەرخۆ و لەوانـی دیکـەدا خێرایـە، ئەوجا هەندێک پتـر لەوانیـدی توانایـی خـۆ گونجاندنیـان هەیـە، ئـەوان بـەردەوام دەبـن لـە ژیـان، ئیتـر نـەوەی نـوێ لـە پێشـینان (لـە باووباپیـران) جیـاواز دەبـن.
- بەلای (داروین)ـەوە مرۆڤ و زیندەوەر (حەیوان) یـەک بنچینـە و بنەمـای ناوکۆیی هاوبەشیان هەیە و مـرۆڤ بـە چەنـد قۆناغێکـی پەرەسـەندنی لەسـەرخۆ و هێمـن و هێواشـدا تێپەڕیـوە تـا گەیشـتووەتە ئـەو پلەوپایـەی ئێسـتا، بـەڵام لاریـی لـەوەش نییـە کـە ئـەو خەسـڵەتە جیاکارانـەی بـە دەسـتی هێنـاون، بۆمـاوەن لـە بـاوک و باپیرانیانـەوە بـۆی ماونەتـەوە.
- تیـۆری پەرەسـەندنی داروینـ ئـەو بۆچوونـە دووپـات دەکاتـەوە کە شـێواز و فۆرمـە جیاوازەکانی ژیـان، پلـە بـە پلـە لـە یـەک بنەمـاوە پەیدابـوون و گەشـەیان کـردووە. ئـەو پرۆسـەیە پشـت بـە دوو بنەمـا دەبەسـتێ:
**یـەک:** جەنگـی دەسـتەویەخەی مـان و نەمـان، ئەمـەش لـە خۆیـدا بنەمـای بنچینەی پەرەسـەندنە لە ڕەوش و قۆناغێکـەوە بـۆ یەکێکی دی پێشـکەوتووتر.
**دوو:** ئـەوی بـە تـوان و گونجاوە دەمێنێ و بەردەوام دەبێ. (داروین: ١٩٧٦: ل٩٨ بە ئەڵمانی).
ئیتـر سـەختیی ژینگـە، پێداویسـتییەکانی ژیـان دەبنـە مایـەی سـەرئاوکەوتنی جـۆرە جیاوازییـەک، ئـەوی بەتـوان بـێ و بـۆی بکـرێ باشـتر لەوانـی دیکـە لەگـەڵ ژینگـە و دەوروبـەردا بگونجـێ، بـەردەوام دەبـێ، کاروکـردار و چالاکیـی ژیانـی ڕۆژانـە گـۆڕان بەسـەر ئەندامانـی لەشـدا دەهێنـن، ئەمـەش وەڵامـی ئـەو پرسـیارە دەداتـەوە ئەگـەر ڕەگـەزەکان لـە یـەک بنەمـاوە پەیـدا بووبـن، چـۆن ئـەو جیاوازییـەی نێوان تاکـەکان لێـک دەدرێتەوە؟
- هەڵبژاردنـی سروشـتی و مانـەوە بـۆ ئـەوەی بـە توانایـی و گونجـاوە، قانـوون و بنەمایەکـە لـە جەنگـی مـان و نەمـان بـۆ بـەردەوام بـوون دەکەونـەوە، ئـەو بنەمایـەش لـە سـێ بنچینـە پێـک هاتـووە:
**یـەک:** تـا چەنـد زینـدەوەر دەتوانێ لەگـەڵ ژینگـەی دەوروبـەردا بگونجێ.
**دوو:** لەژێـر هەژمـوون و کاریگەریـی ژینگـەدا، تـا چەنـد دەتوانـێ ئەندامانـی لەشـی بەکاربهێنـی و چالاکانـە سـوودیان لـێ ببینـێ.
**سـێ:** قانوونـی بۆمـاوە. جیاوازییـە بـە دەسـت هاتـووەکان وەک بۆمـاوە بـۆ نەوەکانـی دیکـە دەگوێزرێنـەوە و تێیانـدا دەردەکـەون، (یوسـف کـرم: ١٩٨٦: ل٣٥٣) هەروەهـا (بیرتراند ڕەسـڵ: ٢٠٠، ل٧٣٤، بـە ئەڵمانـی).
- ئـەو تیۆرییـە بۆچوونـەی داروینـ کاردانـەوەی جیـاوازی لەنێـو کـۆڕ و کۆمەڵەکانـی کۆمەڵگـەدا هەبووە. بە تەواوەتی لەلایەن کڵێسـای مەسـیحییەوە

دوژمنایەتی کراوە و هەر لە سەرەتاوە لێی چوونە سەنگەرەوە و تۆمەتی گومڕایی (کوفر و ئیلحاد)ی خراوەتە پارسەنگەوە، بەڵام بەپێی هەموو بۆچوون و هەڵسەنگاندنێکی بێگەردی زانستییانە، ئەو تۆمەتەی دراوەتە پاڵ داروین، پاساو نادرێتەوە!

- داروین کە خۆی شارەزای لاهووت بووە و تەوراتی تایەفەی مووسای (عیبرانی- جوولەکە)ی خوێندووەتەوە کە لە سەرەتای سفری پەیدابووندا هاتووە کە ڕەبی مووسا لە شەش ڕۆژدا سەرجەم جیهان و بوون و مرۆڤ و زیندەوەرانی داهێناوە، (خەڵق) کردووە، ئیتر داروین کۆشاوە ساغی بکاتەوە ئایا مرۆڤ یەکجار داهێنراوە و لە داهێنانەکەیەوە ئەو سروشت و فۆرم و ڕوخسارەی هەبووە کە هەیەتی، یان نا؟ ئەنجامەکەشی تیۆری پەرەسەندن بووە کە تێیاندا هەوڵ دراوە ساغ بکرێتەوە کە مرۆڤ بە زنجیرەیەک گۆڕان و پەرەسەندنی نەپساوەی ئەڵقە بە یەکەوە بەستراودا تێپەڕیوە تا گەیشتووەتە ئەم قۆناغە و ئەو ڕوخسار و سروشتەی پێ بڕاوە. ئەگەر داهێنانیش هەبووبێ، مرۆڤی ئێستا ناگرێتەوە.

- ئەو میتۆدەیەی داروین لە توێژینەوەی تیۆری پەرەسەندندا پەیڕەوی کردووە:

**یەک:** جیاوازی و لە یەک نەچوون.

**دوو:** هەڵبژاردن.

**سێ:** زیادبوونی ژمارەی بوونەوەران.

لەگەڵ بڵاوبوونەوەیدا لە کۆڕ و کۆمەڵە ڕۆشنبیرییەکانی بەریتانیادا و لە کایەی زانستی کۆمەڵایەتیدا (سۆسیۆلۆجی) پیادە و جێبەجێ کراوە. لە بەرانبەر سێ چەمکەکەی داروین جیاوازی، هەڵبژاردن و زۆربوونی ژمارەی بوونەوەران ئەم سێ چەمکانە لە کایەی ئەو زانستە دانراون کە دەکرێ بە میتۆدەی توێژینەوەی ئەرک و فرمانی کۆمەڵایەتی دابنرێ:

- داهێنان، پتربوونی ژمارەی بوونەوەران، هەڵبژاردن. (فوج: ٢٠٠٥، ل٨٠) بەکارهێنانەکەش لەو دوو کایەیەدا بەم جۆرە بووە: ئەو گۆڕانانە بەسەر کۆمەڵگەدا دێن:

**یەک:** ئەو گۆڕانە جیاوازانەی بەسەر کۆمەڵگەدا دێن، جۆرێکە لە هەوڵدانی گونجان و هاتنەوە لەگەڵ هەلومەرجە گۆڕاوە دەرەکییەکان بە گشتی.

**دوو:** بە یەکەوە گونجان و ڕاهاتنی دەزگا و دامەزراوە جۆر بە جۆرەکانی کۆمەڵایەتی لەگەڵ یەکتریدا.

**سێ:** پێکەوە گونجانی تاکەکانی کۆمەڵگە، لەگەڵ ئەم دەزگا و دامەزراوانەدا. (سەرچاوەی پێشوو: ل٣٣).

- ئەگەر پیادەکردنی تیۆری بایۆلۆجی پەرەسەندنی داروین لە کۆمەڵگە و کایە و پاوانەکانی کولتووردا دەستپێشخەرییەکی بوێرانە بووبێ، بە تایبەتی لەسەردەمێکدا کە کڵێسەی مەسیحی دەسەڵاتدار بووە، ئەوە جۆرە پشتگیرییەکی تیۆرییەکەی پشتڕاست کردووەتەوە، بەڵام ئەم هەنگاوە لە خۆیدا شتێکی ئاسایی چاوەڕوانکراو بووە، بۆچی؟ چونکە پێوەندییەکی توندوتۆڵی دەستیاوی لەنێوان مرۆڤ و کۆمەڵ و کولتووردا هەیە. لە هەر قۆناغ و سەردەمێکدا مرۆڤ بەرەو پێش بچێ، ئەو ڕەوشە لە کۆمەڵ و ڕۆشنبیری و کولتووریشدا ڕەنگ دەداتەوە. مرۆڤ خۆی بنەمای بنەڕەتییە لە ژیان و کۆمەڵگەدا و هەر خۆیشی هەموو شتێکی داهێناوە. بەبێ بوونی کارای مرۆڤ، کە ئەندامێکی کاریگەری کۆمەڵگەیە، ناکرێ بوون و پەرەسەندنی کۆمەڵگە و گەشەکردنی کولتوور و شارستانیەت وێنا بکرێن و بەبیردا بێن.